دادگای باڵای فیدراڵی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەسەند کرد



ئەمڕۆ یەکشەممە، دادگای باڵای فیدراڵی ڕایگەیاند، کە ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەران پەسەند کران.

لە ڕاگەیەندراوێکی ناوەندی ڕاگەیاندنی دادگا، کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەوە کەوتووە ،تیایدا ئاماژەی بۆ کردووە: کە دادگای باڵای فیدراڵی ئەمڕۆ یەکشەممە، ١٤کەوتی 14/12/2025، دانیشتنێکی داخراوی بە سەرۆکایەتی، دادوەر (مونزیر ئیبراهیم حوسێن) و سەرجەم ئەندامانی ئەنجام دا، بۆ مەبەستی وردبینیکردن لە ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ساڵی 2025 (خولی شەشەم)، کە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە ئەنجامدراوە بڕیاری نووسراوەکەیان ژمارە (خ/ 25 ر.م/ 79) لە (8/ 12/ 2025).

ڕاگەیەندراوەکە ئاوەشی خستەوو: کە دادگا لە کاتی وردبینی و گفتوگۆکردندا بۆی دەرکەوت کە پرسی دەنگدانی گشتی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (خولی شەشەمی هەڵبژاردن) مەرجە دەستووری و یاساییەکانی جێبەجێ کردووە و هیچ شتێک نییە کە زیان بە دروستییەکەی بگەیەنێت، بۆیە بە پشت بەستن بە حوکمەکانی بڕگەی (حەوتەم) لە ماددەی (93)ی دەستووری کۆماری عێراق بە ساڵی 2005، دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاریدا بە پەسەندکردنی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ

ئەندامەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ساڵی 2025 / خولی شەشەمی هەڵبژاردن بۆ ئەو براوانەی ناویان لە لیستی هاوپەچی نووسراوەکەی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا هاتووە.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە: دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەی هەر سێ دەسەاتەکە لە بڕیاری پەسەندکردنی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەندامەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ساڵی 2025 کە لەم دانیشتنەدا دراوە.

لە کۆتاییدا ڕاگەیەندراوەکە دادگایی باڵای فیدراڵی جەختی کردەوە کە بڕیارەکە بە ژمارە (235 / ئیتیحادی / 2025) لە 14 / 12 / 2025 بە هەکەکوتن دژچوو، و یەکلاکەرەوە و پابەندکەرە بە سەرجەم دەسەاتەکان بە پشت بەستن بە حوکمەکانی هەردوو ماددەی (93/ حەوتەم) و (94) لە دەستووری کەماری عێراق بۆ ساڵی 2005 و هەردوو ماددەی (4/ حەوتەم) و 5 (دووەم) لە یاسای دادگای باڵای ئیتیحادی ژمارە (30)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (25)ی ساڵی 2021.